# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٧ – ٢٠٢٦
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل لیزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. سالْح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

Web: journal.ka.gov.krd
ISSN: 2520- 4106
هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

**گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی**

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، ئەکادیمیای کوردی دەری دەکات، بایەخ بە توێژینەوەی ڕەسەن و پێشکەوتوو لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا ، فۆلکلۆر، کۆمەڵناسی، فەلسەفە، زانستی کردەکی، توێژینەوەی بەراوردکارانە، نێوان بوارە زانستییەکان، فەرهەنگناسیی کوردی، کولتووری کوردی بەگشتی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی ڕەسەنەوە، بایەخێکی زۆر بە کێشەی زاراوەسازی لە هەموو ئەو بوارانەدا دەدا. ئەم گۆڤارە توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، درێژەی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کوردییە کە پێشتر لە سەردەمی کۆڕی زانیاری کوردیدا دەردەچوو، چەندان نووسەر و توێژەری پێشکەوتووی کورد کاریان تێدا دەکرد و بەرهەمی ڕەسەنیان تێدا بڵاودەکردەوە.

ئەمڕۆش، ئەم گۆڤارە، بە هەمان ڕوانینی ڕەسەن و وردەکارانەوە، لە ڕێگەی دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی ئاستی توێژینەوەی زانستی لەو بوارانەدا، درێژە بە خزمەتی خۆی دەدات. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، خواست و هیوای زۆری هەیە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، گەشە بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و ئەکادیمی توێژینەوەی کوردی بدات، بە تایبەتی لە ڕووی نوانەسازی و ئاماژەپێوی ئاستێکی ئەکادیمیی جیهانی بەدەست بهێنێت. ئامانجی ئەم گۆڤارە، بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستیی ڕەسەن و پێشکەوتووە، ژمارەی یەکەمی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لە ساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاو بووەتەوە. گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە پەسەند کراوە و بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


❊ ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک

❊ دیزاین: هەرێم عوسمان

❊ ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:

Web: journal.ka.gov.krd

❊ ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd

❊ مۆبایل: 009647508375575

# مجلة الاكاديمية الكوردية

العدد ٦٧ – ٢٠٢٦
مجلة علمية فصلية

(رئيس الاكاديمية الكوردية و صاحب الامتياز)
**حەمەسەعید حەسەن**

رئيس التحرير
**أ. د. محسن احمد عمر**

مدير التحرير
**د. بخشان فهمی فرحو**

هيئة التحرير
أز د. قيس كاكل توفيق
أ. د. بختيار سجادی
أ. د. فرهاد قادر كريم
أ. م. د. احمد محمد مام عثمان
أ. م. د. عبدالواحد ادريس شريف
أ. م. د. نوزاد احمد اسود
د. لزكين عبدالواحد احمد

هيئة المستشارين
أ. د. ميشيل ليزنبيرک
أ. د. مارتن فان برونسن
أ. د جليل جليلی
أ. د. سالح اكين
أ. د. جعفر الشيخ لاسلامی
أ. د. عبدالرحمن اداک
أ. د. هاشم احمدزادة

اربيل/ شارع هەلەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

## مجلة الأكاديمية الكوردية

هذه مجلة علمية موسمية تصدر عن الأكاديمية الكوردية. تسلط الضوء على الأبحاث الأصيلة والمتقدمة في مجالات اللغة والأدب والتاريخ والجغرافيا والفلكلور وعلم الاجتماع والفلسفة والعلوم التطبيقية، بالإضافة إلى الدراسات المقارنة والمتعددة التخصصات. تولي مجلة الأكاديمية الكوردية أهمية كبيرة لمسألة المصطلحات في جميع هذه المجالات، لا سيما من خلال نشر الأبحاث الأصيلة. تنشر المجلة بحوثا بالكوردية والعربية والإنجليزية. وهي امتداد لمجلة المجمع العلمى الكوردي، التي كانت تصدر سابقا في إطار هذا المجمع. وقد ساهم فيها العديد من المؤلفين والباحثين الكورد المعروفين ونشروا أعمالا أصيلة.

تواصل هذة المجلة المهمة نفسها من خلال إثراء وتحسين مستوى البحث العلمي في جميع المجالات. يهدف مجلة الأكاديمية الكوردية إلى رفع المستوى العلمي والأكاديمي للبحث الكوردي في المستقبل القريب وتحقيق شهرة دولية من حيث الفهرسة. ولذلك، فإن هدف المجلة هو نشر بحوث علمية مبتكرة ومتقدمة للغاية. نشرت العدد الأول من المجلة في سنة ٢٠٠٢. مجلة الأكاديمية الكوردية معتمدة من قبل وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في حكومة إقليم كوردستان ومعترف بها للترقيات العلمية.


❊ منسق شؤون المجلة: ئيمان نەجات ئاغۆک

❊ اخراج الفني: هەرێم عوسمان

❊ موقع مجلة الأكاديمية الكوردية:

Web: journal.ka.gov.krd



❊ البريد الكتروني: journal@ka.gov.krd

❊ موبايل: 009647508375575

وەرگرتن: ٢٠٢٦/١/٦
پەسەندکردن: ٢٠٢٦/٣/١

# گۆڕی بنەماڵەیی لە بن پەرێز لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز. توێژینەوەیەکی شوێنەواریی بەراوردکارییە.

**ئەژین جوهر احمد**
قوتابی ماستەر، بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین
azhinjawhar40@gmail.com

**پ.ی.د. ئاری خلیل کامل**
بەشی شوێنەوار، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین
ari.kamil@su.edu.krd

پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکردنی خوێندنەوەیەکی شیکاریی و بەراوردکاری نوێی گۆڕە بنەماڵەییە دۆزراوەکەی سیدەکانە، کە دەگەڕێتەوە بۆ "نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی" پێش زایین. توێژینەوەکە پشت دەبەستێت بە ڕێبازی توێژینەوەی پێکهاتن لە نێوان زانیارییەکانی ئەم شوێنە شوێنەوارییە و شوێنە گۆڕستانییە هاوچەرخەکانی دەوروبەری وەک ناوچەکانی دەسەڵاتی ئۆرارتی، هەروەها شوێنە هەرێمییەکانی کوردستانی عێراق. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر سێ بابەتی سەرەکی: ١ - شیکاریی ئەندازیاریی شێواز و دانان و ناشتنی گۆڕەکان. ٢- لێکۆڵینەوە لە دۆزراوە شوێنەوارییەکان(خشتی پەژارە، زیورەکان، ئامرازەکان). ٣- شیکاریی کردەوە گۆڕستانییە پەیوەندیدارەکان بە ناشتنەوە. توێژینەوەکە بە دیاریکردنی تایبەتمەندییە هەرێمییە تایبەتەکانی گۆڕستانەکە کۆتایی دێت، هەروەها نیشانەکانی کاریگەری و گۆڕاوی شارستانی لەگەڵ ناوچە دراوسێکان تر. ئەمە یارمەتی دەدات لە تێگەیشتن لە سروشتی نیشتەجێبوون، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، جیاوازی چینایەتی و گۆڕاوی کلتوری لە ناوچەی سەیدەکان لە قۆناغێکی گرنگی دوایی سەردەمی ئاسن، وەڵامدانەوەی پرسیارەکان لەسەر ناسنامە و ئەندازیاریی شارستانی کۆمەڵگە هەرێمییەکان لەژێر کاریگەریی ئیمپراتۆرییە گەورەکان.

کلیلە وشەکان: گوندی بن پەرێز، ئۆرارتی، چاخی ئاسن، گۆڕی بنەماڵەیی، شێوازی ناشتن.

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە گۆڕ و ڕێوڕەسمی ناشتن یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی شوێنەواری و کەلتووری بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە کۆنەکان. گۆڕەکان وەکو ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی جێماوەی مرۆڤ، چین چین زانیاری لەخۆدەگرن دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بیروباوەڕی ئایینی و تەکنیکەکانی ناشتن و هونەر و زانستی سەردەمی خۆیان. لە زۆر بارودۆخدا گۆڕەکان باشترین سەرچاوەی شوێنەوارین بۆ گێڕانەوە لەبارەی ئەو کەلتوورانەی کە نووسینیان نەبووە یان تۆمارێکی نووسراویان بەجێنەهێشتووە. ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت ناوچە شاخاوییەکانی باکووری زاگرۆس، هەمیشە وەک لانکەی شارستانییەت و ناوەندێکی ستراتیژی بۆ ئاڵوگۆڕی کەلتووری و پەیوەندی نێوان شارستانییەتە مێژووییە گەورەکانی وەک مێسۆپۆتامیا، بانی ئێران و ئەنادۆڵ ڕۆڵێکی پێشەنگ و بەرچاوی هەبووە.

هەڵکەوتەی جوگرافی ناوازەی ئەم ناوچەیە وایکردووە ببێتە پردێکی سروشتی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای جیهانی کۆن و بە درێژایی مێژوو ڕێگەی بۆ پەیوەندی ڕۆشنبیری و بازرگانی و سیاسی بەرفراوان خۆشکردووە. قەزای سیدەکان لە باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر و لەسەر سنوورەکانی ئێران و تورکیا، بەهۆی هەڵکەوتە جوگرافییە ناوازەکەیەوە پردی پەرینەوە و ئاڵوگۆڕی کەلتووری بووە. ئەم ناوچەیە لە چاخی ئاسندا ساڵانی(١٢٠٠- ٦٠٠) پێش زایین بەشێک بوو لە تۆڕێکی کەلتووری فراوانتر لە نێوان ئەم شارستانییەتانەی کە لە وڵاتانی نێوان میسۆپۆتامیا و ئێران و ئانادۆلدا بوونیان هەبوو.لە ساڵی ٢٠١٣ پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگاوبان لە دۆڵی زەرزێ کە نزیکەی ١٤٢ کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سەنتەری هەولێرەوە دوورە، بووە هۆی دۆزینەوەی گۆڕێکی گرنگی بەردی بنەماڵەیی لە گوندی بن پەرێز.

گۆڕەکە لە کاتی ئەنجامدانی پرۆژەی ڕێگاوبان بەهۆی شوفێری ئامێرە قورسەکان کە لە شوێنەکە کاریان دەکرد دۆزرایەوە. دۆزینەوەکە بە شێوەیەکی زانستی کاری هەڵکۆڵین و تۆمارکردنی بۆ کراوە بە هاوکاری تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران و زانکۆی بۆستنی ئەمریکی. لەم بابەتەدا سەرەتا باس لە گرنگی لێکۆڵینەوە لە گۆڕەکانی شوێنەواریدا دەکەین، پاشان پێداچوونەوە دەکەین بە پەرەسەندنی مێژوویی دروستبوونی گۆڕ لە چاخی بەردینی کۆنەوە تاوەکو سەردەمە مێژووییەکان. دواتر پاڵنەرەکانی دانانی دیاری لە گۆڕەکاندا دەکۆڵینەوە و جۆرەکانی گۆڕ پۆلێن دەکەین و لە کۆتاییدا شیکارییەکی ورد بۆ گۆڕی بنەماڵەیی بن پەرێز لەڕووی تەلارسازی و ناوەڕۆک و لایەنی کەلتوورییەوە ئەنجام دەدەین. ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە بنیاتنانەوەی بەشێک لە سیستەمی فیکری و کەلتووری کۆمەڵگاکانی سەردەمی ئاسنە لە باکووری زاگرۆس بە پشتبەستن بە بەڵگەی شوێنەواری.

گۆڕی بن پەرێز وەک بەڵگەیەکی زیندوو، تیشک دەخاتە سەر گرنگی بەردەوامی لێکۆڵینەوەی شوێنەواری لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی شانشینی ئۆرارتیی. ئەنجامدانی ئەم جۆرە توێژینەوەیە دەتوانێت پێگەی زانستی ئە م دۆزینەوەیە لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەرز بکاتەوە و ڕێگە بۆ نووسینی لێکۆڵینەوەی زیاتر و بەرفراوانتر خۆش بکات. هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە: هەستکردنە بە گرینگی و دەوڵەمەندی

ناوچەکە، لەڕووی مێژووییەوە بەتایبەتی جێماوە شوێنەوارییەکانی شانشینی ئۆرارتی بە گشتی و گۆڕی بن پەرێز بەتایبەتی.

دووری ناوچەی توێژینەوە، سەختی بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی ناوچەکە کەش و هەواییکی نالەباری ڕەخساندووە، کە ناتوانین بە ئاسانی دەستمان بگات بە شوێنی لێکۆڵینەوە، تەنها جارێک توانیومانە سەردانی شوێنەوارەکە بکەین. وە کەمی لێکۆڵینەوەی مەیدانی ناوخۆیی، وایکردووە ئەم گۆڕە و شوێنەوارە بەنرخەکانی دەوروبەری، ڕاستی زانستی و مێژوویان تا ڕادەیێک بە شاراوەیی بمێنێتەوە. هەروەها نەبوونی سەنتەرێکی شیکاری ناوخۆیی لە لێکدانەوە زانستییەکانی تایبەت بە کەلوپەلە شوێنەوارییەکان، بە دیاری کراویش، لە توێژینەوە تەلارسازی و بابەتەکانی تایبەت بە ناشتن. گریمانەی توێژینەوە: گریمان دەکەین لە جێماوەکانی گۆڕی بن پەرێز جگە لە ئێسک و پروسکی مرۆڤەکان، ئێسکی ئاژەڵەکانیش بوونی هەبێت، جگە لەمەش لە ناوچەکەدا جگە لە گۆڕی بن پەرێز هاوشێوەکانی لە ناوچەکەدا بوونی هەبێت، چونکە بە گشتی ناوچەیێکی گرینگی مێژوویییە.

ئامانجی سەرەکیمان دەرخستنی یەکەم گۆڕی بنەماڵەییە لە سەرتا سەری ناوچەکە، کە شیکارکردنی گۆڕی بنەماڵەییە لە بن پەرێز، وە دیارکردنی سەردەمەکەیەتی گرینگیدان بە جێماوەکانی ئێسکە پەیکەرەکان و سەرجەم ئەو کەل و پەلانەی دۆزراونەتەوە، پاشان بەراورد کردنیانە بە ناوچەکانی تری دەوروبەری. میتۆدی توێژینەوە: لە نووسینی توێژینەوەکەماندا، چەند میتۆدێکی جۆراوجۆری مێژووی پەیڕەوکراوە بەتایبەتی ڕێگەی بەراوردکاری و سەرجەم ئەو کەل و پەلانەی کە لە گۆڕی بن پەرێزدا دۆزراونەتەوە، لە هەمان کاتدا سەردانی مەیدانی ناوچەکەمان کردووە و دید و بۆچوونی خۆمان تیدا خستۆتەڕوو. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی گۆڕی بن پەرێز، پێشنیار دەکرێت لە قۆناغەکانی داهاتوودا، شێوازە زانستییە مۆدێرنەکانی وەک شیکاریDNA بۆ ئێسکە پەیکەرەکان بەکاربهێنرێت بۆ پشکنینی پەیوەندییە بۆماوەییەکان و پێکهاتەی خزمایەتی لە نێوان تاکەکانی نێژراودا. هەروەها شیکاری ئایزۆتۆپی جێگیر (Stable Isotope Analysis) دەتوانێت زانیاری دەربارەی خۆراک و گۆڕانکاری جوگرافی و ژینگەی تاکەکان بدات. هەروەها شیکاری کانزاکان دەتوانێت سەرچاوەی کەرەستەی خاو و ڕێگاکانی بازرگانی و ئاستی تەکنەلۆژیای ئەو سەردەمە دیاری بکات.

وەک پێشینەی توێژینەوە، لەم بارەیەوە هیچ سەرچاوەییکمان بەردەست نیە تایبەت بێت بە خودی توێژینەوەکەی ئێمە نووسرابێت وە بڵاوکرابێتەوە، چونکە بابەتێکی نوێیە پشت بەڕاپۆرتەکانی هەڵکۆڵینی بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سۆرانە و سەردانی مەیدانی توێژەر دەبەستێت. ئەوی زیاتر توێژینەوەکەی ئێمەی گرینگتر دەرخستووە بوونی جێماوەی کەل و پەلەکانە، لە جۆری(گڵێنەی جۆراوجۆر، ئێسک و پروسک، ملوانکە و مستیلە..) دەربارەی شوێنی جوگرافیایی خودی توێژینەوەکە سەرچاوەمان نیە بە شێوەییکی زانستی خرابێتە ڕوو. هەروەها بەهۆی نزیکی و هاوسنووری شوێنی توێژینەوە لە ناوچەکانی ئێران هەڵساوین بە بەراوردکردنی گۆڕە بنەماڵەیەکەی بن پەرێز بە ناوچەکانی تری حەسنلو و شنۆ و سنە. ئەم شێوازی بیناسازیە لە ناوچەکانی تری ژێر دەسەڵاتی ئورارتیەکانیش پەیڕەو کراون. بەهۆی گرینگی مێژووی قەزای سیدەکان چەند ناوچەییکی

گرینگی شوێنەواری هەن مێژووی ناوچەکەیان زیاتر پشت ڕاستکردۆتەوە لەوانە (کێلی کێلەشین، کێلی تۆپزاوە) ئەم توێژینەوەی کە ئێمە هەڵساوین بە ئەنجامدانی لەڕووی شوێنەواریەوە ناوچەکە زیاتر دەوڵەمەند دەکات.

## ١. بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری و جوگرافی مێژوویی

سیدەکان(برادۆست) ئەم قەزایە(١٤٢) کم لە باکووری خۆرهەڵاتی پارێزگای هەولێر دوورە. وە(٣٣) کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دایە، ڕووبەری ناوچەکە(١٦١٧) کم دوجایە، ئەم ناوچەیە کە خاڵی سنووریە، هەرێمی کوردستان بە وڵاتانی(عێراق و ئێران و تورکیا) دەبەستێتەوە، هەڵکەوتەیێکی سروشتی جوگرافی ناوازەی هەیە، دەشتایی کەمە بەڵام دۆڵ و چیای سەرکەی و سەرکەشی لەخۆگرتووە، خاوەنی دیرۆکێکی دێرینە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئۆرارتییەکان. (زێدان، ٢٠٢١، ٢٣).

ئەوەی بەتایبەتی مێژووی ناوچەکەی دەرخسووە شوێنەواری کۆنی شاری(موساسیر– ئاردینی) یە کە بە پایەختی ئاینی ئورارتییەکان دانراوە، جێگای داخە دوای گەڕانێکی زۆر لە لایەن شوێنەوارناسان و لێکۆڵەران تاکو ئێستا ئەم پایەختە نەدۆزراوەتەوە، تەنها لە نووسینە مێخییەکان ئاماژەی پێدراوە. بەشێک لە توێژەران پێیان وایە گوندی مجێسەری ئێستایە، کە پەرستگای خوداوەند (خالدی) سەرەکیترین خوداوەندی ئۆرارتییەکانە لەم شارەدا بووە. مێژووەکەی بۆ ساڵی(١٣٠٠–٥٤٧) پێش زایین دەگەڕێتەوە. جگە لەمەش هەردوو جێماوەی(کێلەشین [1]و تۆپزاوە [2]) لەسەر بەرزاییە سنوورییەکانی ناوچەکە دۆزراونەتەوە کە ئاماژەن بۆ کاریگەریی سیاسی و ئیداریی شانشینی ئۆرارتۆ. ئەمەش ڕاستی و گرینگی مێژووی ناوچەکەی قوڵتر کرۆتەوە. (C.Benedict 2013: 337 )

گرینگی مێژووی ناوچەکە وایکرد شوێنەواری زیاتر دەرکەون، لەکاتی ئەنجامدانی پرۆژەیێکی فراوانکردنی ڕێگاوبان لە سیدەکانەوە بەرەو ڕێگای سەرەکی دۆڵی زەرزێ، کە لە ساڵی ((2013 دەستپێکرد، لەکاتی کارکردن لەم شوێنەدا لە لایەن شۆفێرێکی ئامێری شۆفڵەوە بەناوی (هەوەند حەسۆ [3]) بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سۆرانی لە

---

١ [1] کێلەشین لە سەردەمی زووەوە بیر و هزری شوێنەوارناسانی دەرەوەی ناوچەکەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، بۆ یەکەم جار لەمێژوودا(٢٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا لەلایەن(سترابۆن) جوگرافیناسی بەناوبانگەوە باس لەم شوێنە کراوە. ئەم کێلە لە دوو ڕووی بە نووسینی مێخی نووسراوە. لاییکی بە ئەکەدی لەهجەی ئاشووریە کە(٤٢) دێڕ نووسین لەخۆ دەگرێت. بەشەکەی تری بەزمانی ئۆراتییە کە(٤١) دێر نووسین نەخشێنراوە. سەرەتایێک بوو بۆ خوێندنەوە و زانینی زمانی ئۆراتی، دەقەکەی بە تەواوی لەلایەن شوێنەوارناسەکانەوە وەرگێڕدراوە و شیکاری بۆ کراوە. ئەم جێماوەیە نەک هەر شایەتحاڵی کاریگەریی ئورارتییەکانە لە ناوچەکانی دەوروبەر، بەڵکو نیشان دەدات کە چۆن سیاسەتی ئاینی و سەربازی بۆ چەسپاندنی دەسەڵات لە هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە ناوچەکە بەکارهێنراوە. ئەم نووسینە بۆ سەردەمی پادشا "ئیشپوینی" و شازادە(مینوئا– Menua) ساڵی(٨٠٩–٧٩٠) پ.ز دەگەڕێتەوە.(عیماد ٢٠٠٩: ١٠٧)

٢ [2] ئەم میلە دەکەوێتە گوندی تۆپزاوە (٧) کیلۆمەتر لە قەزای سیدەکانەوە دوورە، لە مۆزەخانەی شارستانی هەولێر پارێزراوە، لە بەردێکی شێوە لاکێشەی پێکهاتووە لەسەر بنچینەیەک چەسپێنراوە، بەرزی کێلەکە (١.١٦)م پانیەکەی (٩٢)سم و ئەستووریەکەشی(٣٣) سم. هاوشێوەی کێلەشین هەردوو دیوەکەی نوسینی لەسەرە بەشێکی نووسینی ئاشووری لەخۆ گرتووەو بەشێکەی تریشی ئۆڕاتی پێکهێناوە.(محمد١٩٥٢: ٦٦–٦٧) مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پادشای ئۆڕاتی(ڕوسای یەکەم ٧٣٥–٧١٤پ.ز) ئەو کاتە دروستکراوە کە ڕۆسا بە هانای پاشا ئورزانای فەرمانڕەوای موساسیرەوە چووە لە دەستی ئاشووریەکان ڕزگاری کردووە (١٥) ڕۆژ ماوەتەوە و ئاهەنگیان گێڕاوە و قوربانیان پێشکەش بە خوداوەندی نەتەوەی ئۆڕاتی کردووە. (برادۆست ٢٠٢١: ١٥٤–١٥٥).

٣ [3] هەوەند حەسۆ وەک کارمەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران و باوکی یەکێک لە فەرمانبەرەکانی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران، وەک شوفێری حەفارە لەم پرۆژەیەدا لە ٦/٢٢/ ٢٠١٣ کاری کردووە. دوای ئەوەی ئامێرەکە بەر پێکهاتەیەکی بەردی کەوتوە، دەستبەجێ پەیوەندی بە کچەکەی بەناوی لیلاف دەکات.

دەرکەوتنی جێماوەییەکی شوێنەوار ئاگادار دەکاتەوە. دوای تاوتوێکردن بۆیان دەرکـەوت جێماوەی خانوێکی بیناسازیە، لە ژوورێکی ئەم خانووەدا کۆمەڵێک ئێسک و پروسکی وردو خاشبووی مرۆڤ دۆزراوەتەوە. سەرەتا لای لێکۆڵەرەکان زۆر بایەخێکی وای پێ نەدراوە بەڵام دواتر کەسێک بە ناوی(نوری احمد) کە دانیشتووی ناوچەکەیە لە بـەرواری(٢٠١٤/٦/١٠) ئاگاداری کردوونەتەوە لەسەر هەمان ئەم ڕێگایەیی(سیدەکان- گوندی بن پەرێز) گۆڕێک هەیە، پاشماوەی چەندین ئێسک و پروسکی تێدا بەدی دەکرێت، بۆیە هەر ئەوکات تیمەکانی هەڵکۆڵین دەچنە شوێنەکە بۆ دەست خستنی زانیاری سەبارەت بە گۆڕەکە، دەستبەجێ شوێنەواری گۆڕەکە ڕووپێوی بۆ دەکرێت، ناوی لە لیستی شوێنەوارەکانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران تۆمار دەکرێت، دەستبەجێ هەڵکۆڵین و بەدواداچون بۆ گۆڕەکە دەست پێ دەکات.(ڕاپۆرتی بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سۆران١٨-٦-٢٠١٤: ٢)

گوندی بن پەرێز دەکەوێتە دۆڵی زەرزێ لە قەزای سیدەکان. نزیکەی 142 کیلۆمەتر لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سەنتەری پارێزگای هەولێرەوە دوورە. بڕوانە نەخشەی ژمارە(١). ناوچەکە بەهۆی نزیکیی لە سنوورەکانی ئێران (شنۆ و گردی حەسەنلو) و تورکیا (شەمزینان) لە کۆتاییەکانی "هـەزارەی یەکەمی" پێش زایین یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی ئاڵوگۆڕی کەلتووری بووە. هەڵکەوتەی جوگرافیی ئـەم گـۆڕە بنەماڵەیە لـە بـاکووری زاگـرۆس لە خاڵێکی سەرەکیدایە، لەسەر ڕێگەی پەیوەندی نێوان

دوابەدوای ئەم پەیوەندییە، بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران ئاگادارکرایەوە و هەنگاوی پێویست بۆ بەدواداچوون و دۆکیۆمێنتکردنی شوێنەکە نرا.(لیلاف هوند حەسۆ، لە دایکبووی ١٩٨٧، کارمەند لە بەشی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران، دیمانەی تایبەتی توێژەر: ٢٠٢٥/٥/٢٥).

شارستانیەتەکانی ماد[٤](١)و مانییەکان و ئورارتی[٥](٢) دایە. (بڕوانە نەخشەی ژمارە ٢).(Danti 2013: 2&11).

لێکۆڵینەوە لە گۆڕ و ڕێوڕەسمی ناشتن یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی شوێنەواری و کەلتووری بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە کۆنەکان. وەکو ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی جێماوەی مرۆڤ زانیاری لە خۆدەگرن. (Parker Pearson1999: 1-5) لە چاخی بەردینی کۆن (٥٠٠،٠٠٠-١٥،٠٠٠) پێش زایین بۆ یەکەم جار نیشانەکانی ناشتنی مرۆڤ دەردەکەون، دواتر مرۆڤەکان وردە وردە دەستیان کرد بە ناشتنی مـردووەکـانـیـان. یەکێک لـە کۆنترین و باوترین نموونەکانمان لە هەرێمی کوردستاندا ئەشکەوتی شانەدەرە لە قەدپاڵی زنجیرە چیاکانی برادۆست بۆ مـاوەی زیاتر لـە(٧٥) هـەزار سـاڵ لەمەوبەر. جێماوەکانی ناشتنی نیاندەرتاڵەکان دۆزراونەتەوە،

٤ (١) مادەکان(میدییەکان) بە باوک و باپیری کورد دادەنرێن، نەتەوییەکی کۆنی نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بوون، سەرەتا وەک هۆزو تیرەی بچووک بچووک لە دەورووبەری ساڵانی(٨٥٣ پێش زایین) دەرکەتوون. یەکێک لە سەرکردە دیارەکانیان (دیاکۆ) بووە، توانی یەکیان بخات و دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنێت ناوچەی سەرەکی نیشتەجێبوونیان شاری (ئەکباتانە) پایتەختی دەوڵەتەکە بوو کە هەمەدانی ئێستای پێ دەوترێت. وە سنووری دەوڵەتی ماددەکان لەسەردرمی(کەیخەسرەو) بۆ یەکەم جار هەموو کوردستان و چەند ناوچەییەکی دەورووبەریشی گرتەوە، لە ساڵی(٦١٢پێش زایین) هێرشیانکردە سەر (نەینەوا) ی پایتەختی ئاشووریەکان کۆتاییان بە دەوەتی ئاشووری هێنا. (دیاکۆنۆف٢٥:٢٠٠٥)

٥ (٢) ئورارتییەکان بۆ یەکەم جار لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین بەهۆی لاوازی و کێشە ناوخۆیەکانی دەسەڵاتی ئاشووریەکان لە"باکووری کوردستان" وەک هێزێکی سیاسی نوێ سەری هەڵدا. بەگشتی ماوەی دەسەلاتیان لە نێوان ساڵانی(٨٦٠-٥٩٠پێش زایین) بوو، سنووری جوگرافیایی دەرکەوتنیان کوردستانی گەورە و خاکی ئەرمینیایە، پایتەختی دەڵەتەکەیان شاری(توروشپا) بوو، خاوەن شارستانیەتێکی بەهێز و پێشکەوتووبوون، لە چەندین بواردا پێشبڕکێی شانشینەکانی سەردەمی خۆیان کردووە. لە لای ئەوان ئایین بابەتێکی گرینگ و کاریگەر بووە، هەر ئەمەش وایکردووە خاوەنی کۆمەڵێکی زۆر لە خوداوەندی جۆراو جۆر بوون، کە(٧٩) خوداوەندیان پەرستووە، سەرەکیترین خوداوەندیان(خالدی)یە پایتەختی پەرستنی شاری(موساسیر) بووە، لە دەقەکانی ئاشووریەکان بە ئۆرارتی ناویان هاتووە، بەڵام لە زمانی خۆیان بە(بیاینیلی) ناساندووە (دیدار،١٤:٢٠٢٣-١٨).

هەر ئەمەش نیشاندەری بەڵگەی ناشتنی مرۆڤەکان بووە.(زینب٤٠:٢٠٢٣-٤١) لە باکووری زاگرۆس وە بەتایبەتی لە ناوچەی کوردستان، بەڵگەی زۆر لەسەر گۆڕەکانی پێش مێژوو دۆزراونەتەوە. لە چینەکانی بەشی سەرەوەی ئەشکەوتی شانەدەر گۆڕستانێک دۆزرایەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی EipPalaeolithic[(1)6]نــزیــکــەی(١٠٠٠٠-٩٠٠٠) پێش،زایین .(Solecki 2004: 11–23)

لە وڵاتی مێسۆپۆتامیا شێوازەکانی ناشتن لە شارستانیەتەکانی وەک(سۆمەری، ئەکەدی، بابلی و ئاشووری)، لە سەرانسەری سنووری جوگرافیا و کەلتووریی جیاوازبووە، بەڵام هەندێک بابەتی هاوشێوەیان هەبووە. کە بەربڵاوترینیان ڕێگای ناشتنی ناو ماڵ بــووە.(Nishimura 2015: 419) ، لە سەردەمی ئوروک کە یەکێکە لە سەردەمە سەرەتاییەکانی مێژووی شارستانیەتی مێسۆپۆتامیا و بەسەرتای سەرهەڵدانی بنەماڵەکانی سۆمەر دادەنرێت، ماوەی دەسەڵاتیان لە سالانی (٣٥٠٠-٢٣٥٠) پێش زایین بووە. تا سەردەمی ئەکەدی و بابل، ناشتنەکان هەمە چەشن و پێکهاتەدار بوون. لە ئور ناشتنی شاهانە [(2)7] لەگەڵ تەلارسازی گەورە و شتومەکی زێڕین و قوربانیدانی مرۆڤدا بوو، ئەمەش وەک ئاماژەیێک پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی چینایەتیمان بۆ دەردەخات. (باقر ٢٠٢٢: ١٤٢-١٤٣).

## ٢. بەشی دووەم: شیکاری وەسفیی وردی گۆڕی بنەماڵەیی بن پەرێز

مرۆڤ دوای مردنی لەناو گۆڕ دەشاردرێتەوە پاشان دوای ماوەیێک ئێسک و پروسکی مرۆڤی تیدا دەدۆزێتەوە، ڕووبەری گۆڕەکان یان بە قوڵییکی زۆر لە ژێر خاک یان لە سەرووی ڕووی زەویەوە دروست کراوە، زۆرجار کەلوپەلی تایبەت بە ناشتنی تێدایە. گۆڕ دەکرێت سادە بێت یان ئاڵۆز بێت، لەوانە چاڵێکی سادە لەژێر خاک، پێکهاتەیەکی بەردی، یان ژوورێک کە تەلارسازییەکی دیاریکراوی هەبێت. (Sørensen 2023: 149-155 ). لێکۆڵینەوە لە بارەی گۆڕ وەک بناغەیەکی بنەڕەتی شوێنەوارناسی و ئەنترۆپۆلۆجییە، بەو پێیەی زۆرجار گۆڕە کۆنەکان تاکە بەڵگەی ڕاستەوخۆی بیروباوەڕ و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کەلتوورییەکانن لە ڕابردوودا. لە ڕێگەی گۆڕەکانەوە دەتوانرێت زانیاری بەنرخ لەبارەی تەمەن و ڕەگەز و تەندروستی و خۆراک و هۆکارەکانی مردن و بارودۆخی ژیانی تاکەکەسەوە بەدەست بهێنرێت. داتای ئێسک و بۆماوەیی و نەخۆشیناسی بە شێوەیەکی زانستی لە جێماوە شوێنەوارییەکاندا دەردەهێنرێن و زۆرجار لەگەڵ زانیارییە کەلتوورییەکان لە ناشتنەکەدا هەن تێکەڵ دەکرێن بۆ ئەوەی وێنەیەکی گشتگیر لە ژیانی ڕابردوو دابین بکەن.(Chapa 2023: 128-131)

گۆڕی بن پەرێز بە یەکێک لە گۆڕە بنەماڵەیی‌ەکان ئەژمار دەکرێت. لە ڕووی تەلارسازیەوە پێکهاتبوو لە ژوورێکی لە بەرد دروستکراو بنمێچەکەشی بە تاشە بەرد داپۆشرابوو، بە گوێرەی کەلوپەلی جوانکاری

٦ (١) سەردەمی بەردینی ئێپیپالیۆتی/Epipaleolithic کە هەندێک جار پێی دەوترێت "کۆتایی بەردی کۆن"، قۆناغێکی گواستنەوەیە لە نێوان سەردەمی بەردینی کۆنی سەروو و سەردەمی بەردینی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی نزیک. بەزۆری مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ٢٠ هەزار بۆ ١٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر، ئەو سەردەمە بە سەرهەڵدانی شێوازی نوێی بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سروشتی و گۆڕانکارییە بایۆلۆژییەکان و دروستبوونی شێوازی نیشتەجێبوونی کاتی یان نیمچە هەمیشەیی تایبەتمەندە (Encyclopaedia: ٢٠٢٥)..

٧ (٢) گۆڕستانی بنەماڵەیی(شاهانەی) ئور: شوێنێکی شوێنەواریی گرنگە و دەکەوێتە پارێزگای ناصریە لە شوێنەواری ئەلموگەییەر. مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی یەکەمین شانشینی ئور. بە یەکێک لە گرنگترین دۆزینەوە شوێنەوارییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت، چونکە تێگەیشتنێکی قووڵی لەبارەی شارستانیەتی سۆمەری خستۆتەڕوو، گەنجینەییێکی دەوڵەمەند لەناو گۆڕەکاندا دۆزراونەتەوە، نزیکەی (٢٠٠٠) گۆڕی لەم شوێنەدا دۆزییەوە، بەڵام تەنها(١٦) گۆڕیان وەک "گۆڕی شاهانە" کەلوپەلە گرانبەهەیەکانی تێدابوون. (Amy R. Gansell ٢٠٠٧: ١٤-١٥)

و گڵێنەکانی ناو گۆڕەکە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "نیوەی دووەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین"، ئەمەش زانیاری گرنگی لەبارەی سیستەمی ناشتن و بیروباوەڕی ئەو سەردەمە بە توێژەران دەبەخشێ. ئەم گۆڕانە بەزۆری لە پێکهاتەیەکی جێگیر پێکدێن بۆ ناشتنی ئەندامانی خێزانێک لە کاتە جیاوازەکاندا بەکارهێنراوە. مایکل دانتی سەرۆکی تیمی زانکۆی بۆستنی ئەمریکی، لە نووسینەکانیدا ئەم شوێنەی بە تۆپزاوە ناو هێناوە، هۆکارەکەی بۆ نزیکی شوێنەکە لەم گوندەو ناوبانگ و گرینگی مێژووی لە پێشینەکەی دەگەڕێتەوە، بەهۆی دۆزینەوەی کێلی نوسراوی تۆپزاوە کە شوێنەوارێکی گرینگ و ناسراوە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە ساڵی 2013 پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆرانی کردووە دەنووسێت:" گۆڕی تۆپزاوە دۆزینەوەیەکی سەرنجراکێشە، ئێستا تووشی لەناوچوون بووە و هەڕەشەی تاڵانکردنی لەسەرە. هەروەها لە ئەنجامی برینی ڕێگا لە بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتدا بەدەرکەوتووە، شوێنەواری چینی سووتاو و گڵێنەی سەردەمی ئاسنی لێ دۆزراوەتەوە. بەردەوامی هەڵکۆڵینەکان لە دۆڵی تۆپزاوە توانایەکی زۆری هەیە بۆ تێگەیشتنمان لە شێوازەکانی نیشتەجێبوون لە ڕۆژئاوای زاگرۆس لە کۆتاییەکانی نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین." (دانتی ٢٠١٣: ٤)

لەڕووی تەلارسازییەوە ئەم گۆڕە لە ژوورێکی بەردی رووبەرێکی چوارگۆشەی دروستکراوە. وە قەبارەییکی(٢.٢٥ X ٢.٢٠) سم هەیە و بەرزییەکەی ١٨٥ سانتیمەتر دەبێت، بەشی سەرەوەی گۆڕەکە بە تاشە بەردی گەورەی(تەخت)ی خودی ناوچەکە رووپۆشکراوە، لە هەمان کاتدا چوار دەوری قەراغی بانەکە بە بەردی تەختی گەورەی شێوە بەلەمی ڕێکخراوە، بە مەبەستەی ئاو نەچێتە بەشی ناوەوەی گۆڕەکە، دیوارەکانی لە بەردی وردی قەبارە جیاواز پێکهاتووە، بەشێکیان ئەندازەییکی نارێکیان هەیە. ئەو بەردانەی لەم بیناسازیە بەکارهێنراون بە هەمان شێواز هی خودی ناوچەکەن. بەکارهێنانی بەردی ناوخۆیی بەشێوەیەکی سروشتی لە ناوچەی سیدەکان زۆرە، ڕەنگدانەوەی تێگەیشتنی کۆمەڵگا ناوخۆییەکانە بۆ کەرەستەی ژینگەیی و گونجاندنیان لەگەڵ پێداویستییە ڕێوڕەسمەکان و تەلارسازیی گۆڕەکە. ئەم پێکهاتەیە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە گۆڕەکە تەنیا رووبەرێک بۆ ناشتن نەبووە بەڵکو مانای ڕەمزی و ڕێوڕەسمی و ڕەنگە خێزانیشی هەبووە، بڕوانە وێنەی (١) و هێلکاری(١).

بۆشمان دەردەکەوێت بە گشتی تەکنیکی بیناسازی ئەم گۆڕە بۆمان ڕووندەکاتەوە دەرگای سەرەکی چوونە ژوورەوەی گۆڕەکە رووی لە باشووری تۆپزاوا بووە. ئەمەش نیشانەی دیزاین و ڕێکخستنی تەلارسازی ئەم جۆرە گۆڕانەیە لە ناشتنی خێزانی ئەو سەردەمەدا. بە پشتبەستن بە کەلوپەلەکانی ناو گۆڕەکە لەوانە: گڵێنە، کەلوپەلی جوانکاری کانزایی، مێژووی ئەم گۆڕە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین.(عبدالوهاب ٢٠١٣). ئەم جۆرە بیناسازییە ئۆرارتیە لە نموونەی گۆڕەکانی هاوشێوەی ناوچەکانی ئۆرارتۆی سنوورەکانی وانـن،[٨(١)] هاوشێوەی گۆڕە بەردینەکانی هەردوو ناوچەی سنەو حەسەنلوە. بڕوانە وێنەی ژمارە(٢) لەناو ئەم گۆڕەدا، نمونەی چەند گڵێنەیێکی خۆڵەمێشی و ڕەنگی نۆکی و سوور کە دوای دروستکردنیان پۆلێش کراون دۆزراونەتـەوە. وێنەی (٣و٤) و

٨ (١) لە ناوچەی دەریاچەی وان تا ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ گەلانێک دەژیان کە ئورارتویان پێ دەوترا و لە سەدەی ١١ی پێش زایین بە یەکخستنی هێزەکانی خۆیان یەکەمین پاشایەتی ئەم شارستانیەتەیان پێک هێنا (سمیرا١٣٩٠: ٦٥).

هێلکاری (٢)، مایکل دانتی سەرۆکی تیمی هەڵکۆڵینی ڕزگاری پێیوایە: لە ڕووی فۆرم و بەرهەمهێنانەوە ئەم گلێنانە لێکچوونێکی زۆریان هەیە لەگەڵ گلێنە دیار و ناسراوەکانی نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە ناوچەکانی دەوروبەری وەک حەسەنلو (قۆناغی چوارەم) و شنۆ. بە بەراوردێکی جۆری ئەم گلێنانە لەگەڵ گلێنەکانی هاوشێوە لە گردی حەسەنلو، بە تایبەت فۆرمەکانی شێوە پەرداخ و قاپی لێودار و دەفرە بچووکەکان، مێژووی ئەم گۆڕە بۆ ساڵی(٥١٢) پێش زایین دەگەڕێتەوە(مایکل ٢٠١٣: ٥).

هاوکات لەگەڵ جێماوەی ئێسک و پروسکی مرۆڤ کە ژمارەیێکی زۆر لە گۆڕەکەدا دۆزراونەتەوە، بەپێی بۆچوونی مایکڵ دانتی گریمانە دەکرێت(١١) ئێسکە پەیکەربن، کە بەدرێژایی دیوارەکانی گۆڕەکە بە شێوەییێکی ڕێکخراو دانرابوون، بەڵام لە کۆی گشتی پاشماوەی ئێسکە پەیکەرەکان (٧) دانە کەلەسەر دۆزراونەتەوە. بڕوانە وێنەی ژمارە(٥-٦) لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک کەلوپەلی کانزایی دۆزرایەوە، لەوانە ئەڵقەی پەنجە لە کانزای برۆنز و بازنی برۆنزی و گوارەی بچووک مۆری ڕەنگاو ڕەنگ کە ئەوانیش هەر تایبەتن بە کەلو پەلە جوانکاریەکانی ئافرەتان، لەسەر هەردوو جەمسەری بازنەکە وێنەی مار دەبینرێت، دەرکەوتنی ئەم وێنەیە لە کەلو پەلە جوانکارییەکان ڕەنگدانەوەی بەردەوامی ئاسۆییێکی ڕەمزی زاگرۆسیە بڕوانە وێنەکانی ژمارە(٧-٨-٩)، جێماوەی چەندین گۆزە دۆزراونەتەوە کە بەشێکیان شوێنەواری سوتانیان لەسەر دەرکەوتووە، بڕوانە وێنەکانی(١٠-١١-١٢) ئەم جێماوانە نەک تەنها ئاماژەن بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی مردووەکان، بەڵکو ڕەنگە پەیوەندییان بە بیر و باوەڕیانەوە هەبێت، کە پەیوەندییان بە ژیانی دوای مردن و جیهانی زیندو بوونەوە هەیە (عبدالوهاب، دیمانە،٢٠٢٥). هەروەها کەلوپەلی هاوشێوە لە گۆڕەکانی مادەکان لە ناوچەی شنۆ و حەسەنلو دۆزراوەتەوە .(DY-SON. R1965: 198-203)

ئەگەرچی ناشتنی بەکۆمەڵ لە حاڵەتە تایبەتەکاندا دەبینرێت، وەک مردن بەهۆی کارەساتی سروشتی، شەڕ، یان نەخۆشییە تووشبوەکانی کە دەگوازرێنەوە/ درمەکان، بەڵام لە هەندێک کەلتووردا ئەم جۆرە گۆڕانە لایەنێکی ڕێوڕەسمییان هەبووە کە لەناو بنەماڵەکاندا باو بووە، بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بە گۆڕی بنەماڵەیی ئور بکەین کە چەند لاشەیەکیان تێدایە کە پێدەچێت ئەندامی یەک خێزان یان چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو بووبن، (لوید ١٩٨٠: ١١٥).

### ٣. بەشی سێیەم: لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری گـۆڕی بـن پـەرێـز لـەگـەڵ نـاوچـەکـانـی تـری دەروبەری

دۆزینەوەکانی گۆڕی بنەماڵەیی بن پەرێز ئاماژەن بۆ کۆمەڵگەییێکی نیمچە جێگیر یان گوندنشین کە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی جێگیر و پەیوەندی خزمایەتی ڕوون و ڕێوڕەسمی ناشتنی دامەزراو. جۆری تەلارسازی و جۆراوجۆری کەلوپەلەکان و هەڵبژاردنی شوێنی گۆڕ، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ناشتن تەنها کردەیەکی باوی لاسایکرنەوە نەبووە، بەڵکو ڕێوڕەسمێکی کۆمەڵایەتی فەرهەنگی بووە کە یادەوەری خێزانی پاراستووە وە لەم ڕێگەیەوە پـەیـوەنـدی نـەوەکـانـی داهـاتـووی لـە کۆمەڵگەدا شـەرعیەت پێداوە. گۆڕی بنەماڵەی بن پەرێز لە ڕووی پێکهاتەی تـەلارسـازی و جـۆری ناشتن و کەلوپەلەکانی لێکچوونی بنەڕەتی لەگەڵ ئەو گۆرانەی لە ناوچەکانی دەوروبـەری نەغەدە وەک حەسەنلو و بایەزید ئاغا هەیە کە دۆزراونەتەوە.

گۆڕی هاوشێوە دۆزراونەتەوە ژووری بەردن یان خشتیان تێدایە، وە بنمیچەکانیان بە بەردی گەورەی ڕوتەخت داپۆشراون لەگەڵ کەرەستەی کانزایی وەکو بازن و گوارە و خەنجەر و گڵێنە. لە هەردوو حاڵەتەکەدا گۆڕەکان تەنها شوێنی ناشتنی تاک نەبوون بەڵکو بە ڕووبەرێکی ڕێوڕەسم و شوناس دادەنران (خانمحمدی(ب.ت)٧٠).

لەڕووی پێکهاتەی تەلارسازیەوە گۆڕی بن پەرێز بە بەراورد بە گۆڕی هەڵکۆڵدراوی سادەی ژێر زەوی زۆر جیاوازە، لە قۆناغەکانی وەک سەردەمی ئۆرارتی[٩](١) (١٣٠٠-٥٤٧) پێش زایین و ماد[١٠](٢) (٥٥٠-٦١٢) پێش. زایین، ڕێگای گڵێنەی تابووتی و گۆڕی بەردین دروستکراون[11](3). بەکارهێنانی ژووری بەرد لە باکووری زاگرۆس ئاڵۆزتر بوو، بەڵام ئەندازیاری و لێهاتووی نیشان دەدات، هەروەها ئەم جۆرە گۆڕانە لە ناوچەی وانی کوردستانی باکور بەرێژەییێکی بەرچاو دۆزراونەتەوە. بڕوانە وێنەی ژمارە(١٣) (فریدون١٣٧٤:٨٢). پۆلێنکردن و شیکاری بەراوردکاری لێکۆڵینەوە لە گۆڕە کۆنەکان لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زاگرۆس دەریخستووە کە فرە چەشنییەکی بەرچاو لە شێوازی ناشتندا هەیە، ئەم جۆراو جۆریەش نەک هەر ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئایینی و ڕێوڕەسمی کۆمەڵگە کۆنەکانە، بەڵکو زانیاری دەربارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیستەمی چینایەتی و پەیوەندییە خێزانییەکانیان دەدات. پۆلێنکردنی گۆڕەکان لە ڕووی شێوە و تەلارسازی و ژمارەی کەسانی نێژراو و ئاڕاستەی تەرم و هەبوون یان نەبوونی دیاری لەناو گۆڕ لەو نیشاندەرانەن کە شوێنەوارناسەکان بۆ لێکدانەوەی داتاکانی ناشتن بەکاریدەهێنن.(Ökse 2007: 144-151).

هاوشێوەی گۆڕەکانی ئۆرارتی لە ناچەکانی وان و شەمزینان(لە تورکیای ئێستا) کە ناوچەکانی ژێر کاریگەری ئۆرارتۆن، لەوێش گۆڕی خێزانی هاوشێوەی ژووری بەردی دۆزراونەتەوە، بەزۆری پێکهاتەکانیان بە تەلارسازییەکی ڕێکوپێکتر و کەرەستەی هاوشێوە (تاشە بەردی ناوخۆیی گەورەن). گۆڕی بن پەرێز لە ڕووی تەکنیکی دروستکردنی بنمێچی بەردین و ڕێکخستنی دیواری بەردی هاوشێوەیی لەگەڵ گۆڕەکانی ئۆرارتی هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەری ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی نەخشەکانی تەلارسازی ئۆرارتی لە ناوچەی سیدەکان. لە لایەکی ترەوە هەمەچەشنی کەرەستەی ناشتنی کانزایی لە گۆڕەکانی ئۆرارتیشدا

٩ (١) ئۆرارتییەکان بۆ یەکەم جار لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین بەهۆی لاوازی و کێشە ناوخۆیەکانی دەسەڵاتی ئاشووریەکان لە"باکووری کوردستان" وەک هێزێکی سیاسی نوێ سەری هەڵدا. بەگشتی ماوەی دەسەلاتیان لە نێوان ساڵانی(٨٦٠-٥٩٠پێش زایین)بوو، سنووری جوگرافیایی دەرکەوتنیان کوردستانی گەورە و خاکی ئەرمینیایە، پایتەختی دەڵەتەکەیان شاری(توروشپا) بوو، خاوەن شارستانیەتێکی بەهێز و پێشکەوتووبوون، لە چەندین بواردا پێشبڕکێی شانشینەکانی سەردەمی خۆیان کردووە. لە لای ئەوان ئایین بابەتێکی گرینگ و کاریگەر بووە، هەر ئەمەش وایکردووە خاوەنی کۆمەڵێکی زۆر لە خوداوەندی جۆراو جۆر بوون، کە(٧٩) خوداوەندیان پەرستووە، سەرەکیترین خوداوەندیان(خالدی)یە پایتەختی پەرستنی شاری(موساسیر) بووە، لە دەقەکانی ئاشووریەکان بە ئۆرارتی ناویان هاتووە، بەڵام لە زمانی خۆیان بە(بیاینیلی) ناساندووە.(دیدار٢٠٢٣،لا،١٤-١٨).

١٠ (٢) مادەکان(میدییەکان) بە باوک و باپیری کورد دادەنرێن، نەتەوییێکی کۆنی نیشتەجێی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس بوون، سەرەتا وەک هۆزو تیرەی بچووک بچووک لە دەورووبەری ساڵانی(٨٥٣) پێش. زایین دەرکەتوون. یەکێک لە سەرکردە دیارەکانیان (دیاکۆ) بووە، توانی یەکیان بخات و دەوڵەتێکی بەهێز دابمەزرێنێت ناوچەی سەرەکی نیشتەجێبوونیان شاری (ئەکباتانە) پایتەختی دەوڵەتەکە بوو کە هەمەدانی ئێستای پێ دەوترێت. وە سنووری دەوڵەتی مادەکان لەسەردرمی(کەیخەسرەو) بۆ یەکەم جار هەموو کوردستان و چەند ناوچەیێکی دەورووبەریشی گرتەوە، لە ساڵی(٦١٢) پێش. زایین هێرشیانکردە سەر (نەینەوا) ی پایتەختی ئاشووریەکان کۆتاییان بە دەوڵەتی ئاشووری هێنا (دیاکۆنۆف ٢٠٠٥، لا،٢٥).

١١ (٣) گۆڕی بەردین پێکهاتەیەکی بەردینە کە بە شێوەیەکی سەرەکی بە بڕین یان هەڵکۆڵینی بەرد و شاخ دروست دەبێت. ئەم جۆرە تەلارسازییە بەردینەی کە بریتییە لە هەڵکەندنی بەرد، لە نێو شارستانییەتە کۆنەکاندا باو بووە و وەک گۆڕ بەکارهێنران(علی ١٣٧٥: ٩٣).

دیارە. گوارە و مستیلەی برۆنزی و گلێنە لەو دۆزراوانەن کە لە گۆڕەکانی وان و دەوروبەری دەریاچەی ورمێشدا دۆزراونەتەوە. بەراوردکردنی ئەم شتانە لەگەڵ نموونەکانی بن پەرێز بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە تۆڕێکی کەلتووری و ئابووری ئەم ناوچانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەوەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە گۆڕی بنەماڵەیی بن پەرێز لەگەڵ نموونە هاوچەرخەکانی ناوچەی دراوسێکان بەدەستهاتووە، لە لایەک ئاماژەیە بۆ پەیوەندی کەلتووری و ئاڵوگۆڕی نێوان هەرێمەکان لە کۆتایی هەزارەی یەکەمی پێش زایین و لە لایەکی دیکەوە، تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی وەک جۆری بەرد، نەخشە و دیزاینی تەلارسازی، بەشێک لە کەلوپەلەکانی ناو گۆڕەکە نموونەیەکی بەرچاو و دیارە ڕەگ و ڕیشەی ناوچەیی هەیە و لە نەریتی دانیشتوانی کۆنی زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا سروش وەرگیراوە.(Danti 2014: 1-2)

لە باکووری زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا لە ناشتنەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگە خێڵەکییەکانی زاگرۆس، چەند نموونەیێکی گۆڕ تێبینی کراون، بەتایبەتی گۆڕی پیاوان زۆرجار کەلوپەلی وەک چەک و کەرەستەی جەنگیان لەگەڵیان دەنێژرێت و گۆڕی ژنەکان زیاتر کەلوپەلی جوانکاریان تێدا بەدی دەکرێت، ئەمەش ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی نیشان دەدات. (Nourallahi 2020: 196). لە ئیدارەی سەربەخۆی سۆران چەندین هەڵکۆڵینی گۆڕی سەردەمی ئاسن لە قەزاکانی چۆمان و سەیدەکان ڕاپۆرت کراوەن، نموونەی پێشکەشکردن لە ڕێوڕەسمی ناشتن لێیان دەرکەوتووە کە بریتین لە ئەڵقەی برۆنزی، گلێنە، و کەرەستەی کانزایی سەربازی. ئەم دۆزینەوانە لەگەڵ نموونەی هاوشێوەی حەسەنلو و سنە و شنۆ لە ڕۆژئاوای ئێراندا یەکدەگرێتەوە.(Danti 2013: 5).

٤. بەشی چوارەم: شلۆڤەکردن و لێکدانەوە و ئەنجامەکانی

لە هەموو سەردەمێک و لایەنێک مرۆڤ گەشەکردن و بەرەو پێشچوون و تایبەتمەندی فیزیکی و جەستەیی و هزری هەیە، بەدواداچوون لە سیفاتی گشتی مرۆڤ تەنانەت ئەو شوێنەشی تیایدا دەژیت، ئاماژەییکە بۆ هەستکردن و باوەڕبوون بە ژیانی دوای مردن بەتایبەتی لە نێو نیاندەرتاڵەکاندا. بەکارهێنانی ڕێگەی پێشکەوتووی وەک DNA بریتییە: لە کورتکراوەی دەستەواژەی{Deyoxyribouncleic acid} پێکدێت لە کۆمەڵە شانەیێکی خوێی ئەتۆمی کە پێکهاتەی جیناتیکە لە جەستەی بوونەوەری مرۆڤ و گیانلەبەر و زیندوەرەکاندا هەیە، هاوکات دەرخەری گرنگییکی گەورەی ئەنثرۆپۆلۆجی(Anthropologie) یە، کە تایبەت بەلێکۆڵینەوەی زانستی مرۆناسی. شیکاری(مایکرۆ-نیشتوو) بریتیە: لە لێکۆڵینەوە و شیتەڵکردن لە جێماوە ماددەکان لەسەر ئێسک و پروسکی مرۆڤەکان و کەلو پەلە شوێنەواریەکان. بەمەش جارێکی دیکە گریمانەی ناشتنی نیاندەرتاڵەکانی بەهێزتر کردۆتەوە. ئەم ڕێگایە سوودی گەورە بە زانستی شوێنەوار(Archaeology) دەگەیێنێت. هاوکات لە ئەشکەوتی شانەدەر بە شێوەیەی ڕێوڕەسم ئەم جۆرە ناشتنە بە کۆمەڵە ئەنجام دراوە.(Pomeroy et al 2020: 2-5)

زۆر جار بەشێوەییکی گشتی بیر و باوەڕی ئاینی کۆمەڵگەکانی ڕابردوو لە ڕێو ڕەسمی ناشتندا بەدیدەکرێت. هەندێک جار ئاراستەی جەستە و جۆری ئەو کەلوپەلانەی کە لەگەڵیدا نێژراون و بوونی هێما ئاینییەکان و پێکهاتەی تەلارسازیی

گۆڕەکە ئاماژەن بۆ بیروباوەڕی ئایینی و باوەڕبوون بە ژیانی دوای مردن، ڕێوڕەسمی پاککردنەوە، یان تەنانەت باوەڕبوون بە دووبارە لەدایکبوونەوە. ئەم داتایانە کلیلی تێگەیشتنن لە سیستەمی بیروباوەڕی کۆمەڵگاکانی پێش مێژوو و مێژووییەکان.(Chapa 2023: 126–128). هەروەها گۆڕە شوێنەوارییەکان ئامرازێکی گرنگن لە بنیاتنانەوەی دیمەنە کەلتووری و ژینگەییەکان. شوێنی گۆڕەکان بەکارهێنانی سەرچاوە ناوخۆییەکان بۆ دروستکردنی گۆڕ (وەک بەرد یان دار) و تەنانەت جۆری ئەم ڕووەکانەی لە گۆڕەکاندا بەجێماوە دەتوانن زانیاری لەسەر کەش وهەوا و بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان و پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ سروشت لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا بدەن. (Sørensen 2023: 160-165)

لە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوە لە گۆڕەکان وەک پردی پەیوەندی و گۆڕەپانی شارستانییەتە جیاوازەکان بووە، بەمەش نەک هەر بەشدارە لە تێگەیشتنی مێژوویی دەڤەرەکە، بەڵکو بەڵگەی گرنگ بۆ ئاڵوگۆڕی کەلتووری و کۆچ و فرە چەشنی نەتەوەیی دەخاتەڕوو. لە ڕاستیدا گۆڕەکان تەنیا شوێنی ناشتن نین، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات بەڵگەنامەیەکی زیندووی پەیوەندییە مرۆییەکانن. گۆڕی بن پەرێزیش کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیە، بەسەرنجدان لە شوێنی هەڵکەوتنی و جۆر و چۆنیەتی دیزاینکردنی گۆڕەکە و ئێسکە پەیکەرەکانی ناوی و ئەو کەل و پەلانەی تێیدا دۆزراوەتەوە، ببێتە پانتاییک و بابەتێکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکان بداتەوە، بە تایبەتی هۆکاری دروستکردنی و شێوازی بیناسازی گۆڕەکە و جێماوەکانی ناو گۆڕەکە وە ناوچەکە و دانیشتوانی سەردەمی دروستکردنی گۆڕەکە (عبدالوهاب، دیمانە، ٢٠٢٥). هەروەها گۆڕەکان ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگاکانی ڕابردوون. جیاوازی ئاشکرا لە شێوازەکانی ناشتن، شوێنی ناشتن، بەکارهێنانی کەلوپەلی ناشتن و شوێنی تەرم لە گۆڕدا دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ پێگەی کۆمەڵایەتی، کەسەکان دەسەڵاتێکی گەورەیان لە کۆمەڵگاکەدا هەبووە، یان جیاوازی چینایەتی. بۆ نموونە ناشتنی منداڵان بە کەلوپەلی بەنرخەوە یان ناشتنی بە کۆمەڵی کەسەکان لە پێکهاتەیەکی خێزانیدا دەتوانێت زانیاری لەسەر پەیوەندی خزمایەتی یان ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بە توێژەران بدات. (Jensen 1997: 1–10)

تێکەڵکردنی کەرەستەی کانزایی لەگەڵ گڵێنە، ئاماژەیە بۆ تێکەڵبوونی دوو سیستەمی ئابووری لۆکاڵی (گڵێنەسازی) و ئاڵوگۆڕی ناوچەیی (کانزاکاری) لە ڕێوڕەسمی ناشتنی ئەم ناوچەیەدا، کە ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی کەلتووری دانیشتوانی پێشووی ئەم ناوچەیە لە ڕووی ژیاری شارستانیەت بووە. بڕوانە وێنەکانی ژمارە (١٤و١٥). ڕەهەندی بیر و باوەڕ و ڕێوڕەسمی ناشتن و پێگەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی لە زۆرێک لە کۆمەڵگە کۆنەکان لەنێو گۆڕەکاندا کەلوپەلی جۆراوجۆری وەک کەرەستەی جوانکاری، گڵێنە، خواردن، و هەندێک جار تەنانەت ئاژەڵ یان مرۆڤی دیکەش وەک پێشکەشکردن لە ڕێوڕەسمی ناشتن لەگەڵ تەرمی مردووەکان لە ناو گۆڕدا دادەنران. ئەم دیاردە گشتگیرە ڕەنگدانەوەی سیستەمی بیروباوەڕ و پێکهاتەی کۆمەڵایییەتی و جیهانبینی گەلانی ڕابردووە سەبارەت بە مردن و ژیانی دوای مەرگ.( Azadijou 2018: 186-188)

یەکێکیتر لە هۆکارە سەرەکییەکانی دانانی دیاری لە گۆڕەکاندا، باوەڕبوونە بە ژیانی دوای مردن. زۆرێک لە کەلتوورەکان، ئەوانەی لە مێسۆپۆتامیا،

زاگرۆس و فینیقیەکان، پێیان وابوو کە ڕۆحی مردوو دوای جیابوونەوە لە جەستە دەچێتە جیهانێکی دیکە، لەوێ پێویستی بە خواردن و جل و بەرگ و کەرەستە و تەنانەت خزمەتکاریش هەیە. ئەمەش بەڕوونی لە گۆڕە شاهانەکانی ئور لە مێسۆپۆتامیا و لە گۆڕەکانی پێش مێژوو لە ئێران و کوردستاندا دەردەکەوێت. (Barrett 2007: 7-10). هەروەها توێژەران لە ئێرانیش ئاماژەیان بەوە کردووە کە قوربانی کردن و دانانی گلێنە و کەرەستە لە گۆڕەکاندا لە سەردەمی برۆنزی و ئاسن کە نیشانەی بیروباوەڕی ڕۆحی و ڕێورەسمییە باو بووە.((Navidgabaloo 2023: 176-196 لە هەمان کاتدا ئەو کەل و پەلانەی لەگەڵ مردوودا دەنێژرێت دەتوانێت زانیاری دەربارەی ماوەی ژیان و پێگەی کۆمەڵایەتی کەسەکە دەخاتەڕوو. بۆ نموونە بوونی کەلوپەلی گرانبەها، کەلوپەلی کانزایی، یان کەرەستەی تایبەت(وەک خەنجەر یان مۆر) ئاماژەیە بۆ ئەوەی تاکە کەسەکان سەر بە چینە باڵاکانی کۆمەڵگە بووە. بە پێچەوانەوە ئەو گۆڕانەی کەمترین پێشکەشکردنیان هەیە، دەتوانن ئاماژە بن بۆ پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمتر یان شێوازێکی ژیانی سادەتر.(Härke 2014: 1–2).

ئەنجام:

گۆڕی بنەماڵەیی بن پەرێز لە دۆڵی زەرزێ کە بەشێکە لە قەزای سیدەکان، دیدێکی ڕوون لەبارەی شێواز و ڕێوڕەسمی ناشتن و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین لە باکووری زاگرۆس نیشان داوین. ئەم گۆڕە بە تایبەتمەندیەکانی وەک تەلارسازی ژوورێکی بەردی، یەکەمین جار وەک گۆڕێکی خێزانی لە ناوچەکە دۆزراوەتەوە چەندین ئێسک و پروسکی مرۆڤی تیدا دەرکەوتووە، لەگەڵ چەندین کەل و پەلی جۆراو جۆر ، بوونی کەرەستەی ناشتنی جۆراوجۆر وەک گلێنە، کەلوپەلی کانزایی بۆ جوانکاری (ئەڵقە، بازن، گوارە)، پێکهاتە خێزانییەکەی، نەک تەنها گوزارشت لە لایەنە کەلتوورییە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە نیوەی دووەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەکات، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کاریگەری پەیوەندی نێوان کەلتووری ئۆرارتۆ، ماد و ئاشووری نیشان دەدات.

بە بەراوردکردنی گۆڕی بن پەرێز بە ناوچەکانی دەوروبەری بۆ نموونە هاوشێوەکانی لە ناوچەکانی: حەسەنلو، شنۆ، وان، شەمزینان و باکووری مێسۆپۆتامیا، دەتوانین بڵێین کە ناوچەی سیدەکان لەم قۆناغەدا هەر لەسەر بنەمای نەریتە ناوخۆییەکان نەبووە، بەڵکو ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەریی کەلتووری ناوچەکانی دەوروبەریش لەسەر هەبووە، لەوانە لە بابەتی شێواز و ڕێو ڕەسمی ناشتنی بنەماڵەییش ڕۆڵی خۆی بینیوە، کەلوپەلی جوانکاری و گلێنە لەم گۆڕەدا، ئاماژە بە چەمکەکانی وەک ناسنامە، چینایەتی، ئایین، ڕێوڕەسم لە چوارچێوەی ناشتنمان بۆ دەکات. ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە کە گۆڕەکان، لە دەرەوەی شوێنی ناشتنەکە، سەرچاوەیەکی

سەرەکین بۆ تێگەیشتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی ژن و پیاو، چەمکەکانی پەیوەست بە مردن و تەنانەت پێکهاتە ئابوورییەکان و ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان.

ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە شایەتحاڵی پێشکەوتنی لایەنی کەلتووری و پێکهاتەی خێزانی ئاڵۆزە لە ڕووی کۆمەڵگاییکی نیشتەجێبوو بە بەراورد بە کۆمەڵگاکانی تری زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە کۆتایی هەزارەی یەکەمی پێش زایین و جەخت لەسەر پێویستی گرنگیدانی زیاتر بە شوێنە شوێنەوارییەکانی ئەم ناوچانە دەکاتەوە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە مێژوو و شارستانییەتی کوردستان.

## سەرچاوەکان

به کوردی

- باقر، تەها، ٢٠٢٢، سەرەتاییک بۆ مێژووی شارستانییە دێرینەکان نێوان دوو ڕووبار، وەرگێڕان؛ عوسمان عەزیز عەللاف، ئەفراسیاب ڕەشید کەریم، چاپخانەی تاران.

- دیاکۆنۆف، ئی، م، (٢٠٠٥)، میدیا، وەرگێڕانی، بورهان قانع، چاپی دووەم.

- ڕەشید، زێدان، ٢٠٢١، دەڤەری برادۆست، چاپخانەی تەهران.

- عوسمان، دیدار، ٢٠٢٣، ئایین و هونەر لە شارستانیەتی ئورارتۆ(بیاینیلی 860-590)، تێزی دکتۆرا نامە(بڵاونەکراوە)، کۆلیژا زانستێن مرۆڤایەتی، زانکۆیا زاخۆ، زاخۆ.

- طاهر، زینب، ٢٠٢٣، ئێسکە پەیکەر لە چاخەکانی پێش مێژوودا لە کوردستانی عێراق(لێکۆڵینەوەییکی شوێنەواری ئەنترۆپۆلۆجیە)، ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- ڕاپۆرتی بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سۆران، ئەنجام دانی کاری هەڵکۆڵین لە(سایتی سوتاوو) لەگەڵ جیۆمەگناتیک لە گوندی مجێسەر و گرد قەڵات،ژمارە(١٩٦)، ٢٠١٤.

- حەسۆ، هەوەند(٢٠٢٥/٥/٢٥)، کارمەندی سەرۆکایەتی شارەوانی سۆران، دیمانەی تایبەتی توێژەر، لە شاری سۆران.

- سلیمان، عبدالوهاب(٢٠٢٥/٥/٨)، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران، دیمانەی تایبەتی توێژەر. لە شاری سۆران.

- سلیمان، عەبدالوهاب ،٢٠١٣، "ڕاپۆرتی سەرەتایی لەسەر هەڵکۆڵینی ڕزگاری گۆڕی بنەماڵەی بن پەریز"، ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران.

به عەرەبی

- شاکر، عماد، اربیل، ٢٠٠٩، مملكة اوراتو دراسة تاريخية، رسالة ماجستير، جامعة، سەلاحەددین.

- لوید. سیتن،١٩٨٠، آثار بلاد الرافدين من العصر الحجري الحديث حتى الاحتلال الفارسي، ترجمة سامي سعيد الاحمد، بغداد.

به فارسی

- خانمحمدی، ب. ([ب.ت]). مقبره‌ای از عصر آهن در بایزدآباد نقده (آذربایجان غربی). باستان‌پژوهی (دوره جدید)، شماره ٨ (نسخه پیش از انتشار).

- سمیرا اصغرپور ساروییی،١٣٩٠، بررسی تطبیقی گور دخمه‌های ماد و اورارتو. فصلنامه علمی، پژوهشی هنرهای تجسمی نقش مایه،سال چهارم(ش٧).

- علی اکبر سرفراز و بهمن فیروزمندی، ١٣٧٥، ماد، هخامنشی، اشکانی، ساسانی. چاپ دوم. تهران. انتشارات مارلیک.

- فریدون آورزمانی،١٣٧٤، نگرشی بر فرهنگ و تمدن اورارتو. نشریه پیمان. ؛ شماره ٥و٦.

com (Accessed: 9 June 2025).

-- Härke, H. 201). Grave goods in early medieval burials: messages and meanings. *Mortality*, 19(1), https://doi.org/10.1080/13576275.2013.870544.

-- Jensen, C.K. & Høilund Nielsen, K. (eds.). 1997. Burial and society: the chronological and social analysis of archaeological burial data. Aarhus: Aarhus University Press.

-- Navidgabaloo, A., Hajizadeh, K. & Afkhami, B. 2023. Pit Graves of Bronze and Iron Cultural Period of Khaneqah Cemetery in Gilavan. Iranian Archaeological Research Journal, 13(37) doi:10.22084/nb.2022.24771.2370.

-- Nishimura, Y. 2015. A Systematic Comparison of Material Culture Between Household Floors and Residential Burials in Late Third-Millennium B.C.E. Mesopotamia. American Journal of Archaeology, 119(4) DOI: 10.3764/aja.119.4.419

-- Nourallahi, A. 2020. Women's Status in the Iron Age Based on Ethno-archaeological Studies of the West Central Zagros Nomads. Independent Scholar, Iran. Available at: https://www.academia.edu/49406536 [Accessed 10 Jun. 2025].

-- Ökse, A.T. 2007. 'Continuity and Change in Mortuary Practices of the Early and Middle Bronze Ages in the Middle Euphrates Region', in *Sociétés humaines et changement climatique à la fin du troisième millénaire: une crise a-t-elle eu lieu en Haute Mésopotamie? Actes du Colloque de Lyon (5-8 décembre 2005(Lyon: Publications de l'Institut Français

بە ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی

- Amy R. Ganse. 2007. "Identity and Adornment in the Third Millennium BC Mesopotamian 'Royal Cemetery' at Ur," Cambridge Archaeological Journal 17.

-Azadijou, R. .2018. 'Coexistence of the Living and the Dead, Revista San Gregorio, 11 September. doi: 10.36097/RSAN.V1I23.733.

-- Amelirad, Sheler, Bruno Overlaet, and Ernie Haerinck.)2011(, "The Iron Age 'Zagros Graveyard' near Sanandaj (Iranian Kurdistan): Preliminary Report on the First Season." Iranica Antiqua 47

-- Barrett, C.E. 2007. Was Dust Their Food and Clay Their Bread? Grave Goods, the Mesopotamian Afterlife, and the Liminal Role of Inana/Ishtar. Journal of Ancient Near Eastern Religions, 7(1), doi:10.1163/156921207781375123.

- Chapa Brunet, T. 2023. Muerte, ritos y tumbas: una perspectiva arqueológica. Vínculos de Historia, 12, doi:10.18239/vdh_2023.12.06.

-Benedict, C.W. 2013. The Urartian-Assyrian Inscription of Kelishin.

-- Danti, M.D. 2013. The Rowanduz Archaeological Program 2013: First Report to the Kurdistan Regional Government. [Unpublished Report]. Kurdistan: General Directorate of Antiquities.

-- DYSON,R. 1965. Problems of Protohistoric Iran as seen from Hasanlu. journal of Near Eastern Studies 24: 193- 217.

-Encyclopaedia Britannica . 2025. Epipalaeolithic. Available at: https://www.britannica.

d'Études Anatoliennes, pp. 139-156.

-- Parker Pearson, M. 1999. The Archaeology of Death and Burial. Stroud: Sutton Publishing.

-- Pomeroy, E., Hunt, C., Reynolds, T., Abdulmutalb, D., & Asouti, E. 2020. *Issues of theory and method in the analysis of Paleolithic mortuary behavior: A view from Shanidar Cave*. Evolutionary Anthropology, University of Wollongong.

-- Rodríguez-Corral, J. & Ferrer Albelda, E. 2018. 'Teoría e Interpretación en la Arqueología de la Muerte', Spal, 27(2), doi: 10.12795/spal.2018i27.17.

-- Solecki, R.S., Solecki, R.L. & Agelarakis, A.P., 2004. The Proto-Neolithic Cemetery in Shanidar Cave. College Station, TX: Texas A&M University Press.

-- Sevin. 2006, Varamazd armenian journal of near eastern studies.

-- Sørensen, M.L.S. & Rebay-Salisbury, K., 2023. The Construction of Graves. In: Death and the Body in Bronze Age Europe. Cambridge: Cambridge University Press. DOI: https://doi.org/10.1017/9781009247429.007

## ملخص

في الدراسات الأثرية، تشكل دراسة المقابرم منهاجا أساسيا لمعرفة الطبقات الاجتماعية والمعتقدات الدينية، والتأثيرات القافية للمجتمعات القديمة. تقدم هذه الدراسة تحليلا لأحد أبرز نماذج المقابر العائلية التي تعود إلى النصف الثاني من الألفية الأولى قبل الميلاد، والمكتشفة في وادي زارزي بالقرب من قرية بنباريز في منطقة سیدەكان. تم اكتشاف المدفن أثناء أعمال إنشاء طريق، مما استدعى عمليات تنقيب طارئة وانقاذية نفذها قسم الآثار والتراث في إقليم سوران بالتعاون مع جامعة بوسطن.

تهدف هذه الدراسة إلى تقديم قراءة تحليلية جديدة للمقبرة العائلية المكتشفة في سيدكان. تعتمد البحث على منهج الدراسة المقارنة بين معطيات هذا الموقع الأثري والمواقع الجنائزية المعاصرة له في مناطق المحيط مثل أورارتو، وكذلك المواقع المحلية في كوردستان العراق. تركز الدراسة على ثلاثة محاور رئيسية: ١- التحليل المعماري لشكل وتخطيط دفن القبور. ٢- دراسة اللقى الاثرية المكتشفة (الفخار، الحلي، الأسلحة، الأدوات). ٣- تحليل الممارسات الجنائزية المتعلقة بالدفن.

تلخص الدراسة إلى تحديد الخصائص المحلية الفريدة للمقبرة، وكذلك مظاهر التأثر والتأثيرالحضاري مع المناطق المجاورة، مما يساهم في فهم طبيعة الاستقرار والتركيبة الاجتماعية والتبادل الثقافي في منطقة سيدكان خلال مرحلة مهمة من العصر الحديدي المتأخر، والإجابة عن أسئلة حول الهوية والانتماء الحضاري للمجتمعات المحلية في ظل الإمبراطوريات الكبرى.

الكلمات المفتاحية: قرية بن پەریز، أورارتو، العصر الحديدي، المدافن العائلية، أنماط الدفن.


## Abstract

In archaeological studies, the examination of cemeteries constitutes a fundamental methodology for understanding the social strata, religious beliefs, and cultural influences of ancient societies. This study presents an analysis of one of the most prominent examples of family tombs dating back **to** the second half of the first millennium BCE, discovered in the Zarzi Valley near Binbariz village in the Sidakan area. The tomb was uncovered during road construction works, which necessitated emergency salvage excavations conducted by the Department of Archaeology and Heritage in the Soran Region in cooperation with Boston University.


This study aims to provide a new analytical reading of the discovered family cemetery in Sidakan. The research relies on the comparative study method between the data from this archaeological site and contemporary funerary sites in regions around such as Assyria and Urartu, as well as local sites in Iraqi Kurdistan. The study focuses on three main themes: 1) Architectural analysis of the form and layout of the fasting tombs. 2) Study of the discovered archaeological finds (pottery, jewellery, weapons, tools). 3) Analysis of funerary practices related to burial.

The study concludes by identifying the unique local characteristics of the cemetery, as well as manifestations of cultural influence and exchange with neighbouring regions. This contributes to understanding the nature of settlement, social structure, and cultural interchange in the Sidakan region during an important phase of the Late Iron Age, and to answering questions about the identity and cultural affiliation of local communities under the shadow of major empires.

Keywords: Banparez village, Urartian, Iron Age, family tomb, burial style





نەخشەی ژمارە (١)
وێنەی هەوایی گۆڕی بن پەرێز سەر بە قەزای سیدەکان،(بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سۆران)




نەخشەی ژمارە (٢)
دانتی،٢٠١٣، ١١



وێنەی ژمارە (١) گۆڕی بن پەرێز ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران




هێلکاری ژمارە (١)،  هێلکاری گۆڕی بن پەرێز دانتی، ٢٠١٣،٢٣




وێنەی(٢)گۆڕێکی بە بەرد داپۆشراو هاوشێوەی گۆڕی بن پەرێز لە ناوچەکانی سنە و حەسنلو (Amelirad, Sheler, Bruno Overlaet, and Ernie Haerinck. ٢٠١١, p٦٤



وێنەی ژمارە(٣) گڵێنە جۆراوجۆرەکانی گۆڕی بن پەرێز ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران



وێنەی ژمارە (٤)، پارچە دەمی گۆزەیەکی گۆڕی بن پەرێز ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران



هێلکاری(٢) گلێنەکانی گۆڕی بن پەرێز دانتی، ٢٠١٣، ل.٢٥




وێنەی ژمارە(٥) ئێسک و پروسکەکانی گۆڕی بن پەرێز سەرچاوە(توێژەر:٢٠٢٥/٨/٢٢)




وێنەی ژمارە(٦) کەلەسەرێکی شکاوی گۆڕی بن پەرێز سەرچاوە(توێژەر:٢٠٢٥/٨/٢٢)




وێنەی ژمارە(٧) گوارە یەکێک لە دۆزراوەکانی گۆڕی بن پەرێز وەک ئامرازی جوانکاری ئافرەتان  بەکارهێنراوە. سەرچاوە(توێژەر:٢٠٢٥/٨/٢٢)



وێنەی ژمارە(٨) بازنە/دەستبەند یەکێک لە دۆزراوەکانی گۆڕی بن پەرێز وەک ئامرازی جوانکاری ئافرەتان بەکارهێنراوە. سەرچاوە(توێژەر:٢٠٢٥/٨/٢٢)



وێنەی ژمارە(٩) چەند مۆرییێکی جوانکاری لە گۆڕی بن پەرێز سەرچاوە(توێژەر:٢٠٢٥/٨/٢٢)



وێنەی ژمارە(١٠) یەکێک لە گۆزەکان لە گۆڕی بن پەرێز سەرچاوە(توێژەر:٢٠٢٥/٨/٢٢)



وێنەی ژمارە(١١) یەکێک لە گۆزەکان لە گۆڕی بن پەرێز سەرچاوە(توێژەر:٢٠٢٥/٨/٢٢)



وێنەی ژمارە(١٢) یەکێک لە گۆزەکان لە گۆڕی بن پەرێز سەرچاوە(توێژەر:٢٠٢٥/٨/٢٢)



وێنەی(١٣) گۆڕی بەردینی گوندی پرێسە، ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران.



وێنەی ژمارە(١٤) جێماوەی ئێسکە پەیکەرەکانی گۆڕی بن پەرێز، ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران




وێنەی ژمارە(١٥) دەستبەندی برۆنزی گوندی بن پەرێز ئەرشیفی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووری سۆران